ـ دۆستانی ددانەکانمان بناسین !



ـ دۆستانی ددانەکانمان بناسین !

سەوزی و میوە باشترینی دۆستانی ددانەکانی ئێمەن .





ـ دوژمنانی ددانەکانمان بناسین !

جگەرەکێشان دوژمنی ددانەکانمانە .





ـ خواردنی شیرنی و قەند و قاوە و چایی و ساردی بۆ ددان باش نییە.

ـ بۆ ئەوەی کە ئەمانە زیان بە ددانەکانمان نەگەیەنن ، پێویستە دوای خواردن و خواردنەوەیان ددانەکانمان بشۆین.







ـ کەژاڵ لەساڵدا دوو جاران دەچێتە لای دوکتۆری ددان.
کەژاڵ هەموو شەو، بەر لە خەوتن، ددانەکانی خاوێن دەکاتەوە و بە فرچە و هەویری ددان دەیان شوات.




ـ فەرهاد برای کەژاڵە.
فەرهادیش دەگەڵ کەژاڵ دەچێتە لای دوکتۆر و هەر وەک خوشکەکەی باش بە ددانەکانی ڕادەگات.



کەژاڵ و فەرهاد پێیان خۆشە ددانەکانیان وەک ددانەکانی ئەم خانمە سپی و ساغ و جوان بمێنێتەوە.



مامۆستا :

ـ شەهێن و شەهلا خوشکن.



شەهێن و شەهلا حەز بە گوڵ و گیا و دار و درەخت دەکەن.
شەهێن و شەهلا دەیانەوێ دوو گوڵی زۆر جوان لە دوو گوڵدان دا بچێنن و لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیان دا دەی بنێن.



کاکتۆس



گوڵ

ـ شەهێن و شەهلا بۆ سازکردنی دوو گوڵدان، ئەم شتانەیان پێویستە :

گوڵدان ( ئینجانە)
دەستەوانە
بێڵچۆکە
ستڵ
خۆڵی گوڵدان
ئاو
ئاوپاش



گوڵدان (ئینجانە)



دەستەوانە



خۆڵی گوڵدان






ـ شەهێن و شەهلا دوو چەشنە گوڵیان لە گوڵدانەکانیان دا چاند.




گوڵدانی شەهێن گوڵی تێدا چاندراوە.




گوڵدانی شەهەلا کاکتۆسی تێدا چاندراوە.

مامۆستا :

ـ پەرەنگ لە حەوشەیماڵەکەیاندا سێ گوڵی چاندووە.
پەرەنگ بەچکە پشیلەیەکیشی هەیە.
پشیلەکەی پەرەنگ لە حەوشە دا دێت و دەچێت.



پەرەنگ بانگی دەکا :
ـ پشە خانم وەرە با گوڵەکانمان ئاو بدەین. پشەخانم ئەگەر گوڵەکانمان ئاو نەدەین، سیس دەبن و دەمرن.

ـ پشکۆ برای پەرەنگە.
پەرەنگ برای خۆی زۆر خۆش دەوێ.

پشکۆ سێ کاکتۆس و توتەڵە سەگێکی هەیە.



پشکۆ بانگی سەگەکەی دەکا :

قەندی گیان وەرە !
قەندی گیان ئاوپاشەکەی من زۆر سووکە و هیچ ئاوی تێدا نییە.
قەندی گیان من کاکتۆسم بۆیە خۆش دەوێ، چونکە ئاو زۆر ناخوازێ .

مامۆستا :

ـ ئاگر دۆست و برادەری باشی ئێمەیە .

ئەگەر ئاور نەبێ ، هیچ کارێک ناکرێ .

لە خوارەوە دا پێنج ئاگران دەبینین.

کامیان لە هەموویان گەورەترە، ئەم نیشانەیە (+) و، کێهەیان بچوکترینیانە ئەم نیشانەیە (ـ) لە چوارخانەکەیاندا دابنێن.











مامۆستا :

ـ لێرەدا پورە گوڵێ بۆ چێشت لێنان ئاگری داگیرساندووە.



ـ لێرەدا پورە بەسێ بۆ چێشت لێنان ئاگری داگیرساندووە .



ـ ئاگری پورە گوڵێ گەورەترە یان ئاگری پورە بەسێ ؟

- پورە گوڵێ خەریکی چێشت لێنانە.
مێردەکەی پورە گوڵی کاتژمێرێکی تر دەگەڕێتەوە ماڵ.
بلێی چێشتەکەی پورە گوڵێ هەتا ئەوە دەم بگاتێ ؟



ـ پورەبەسێ خەریکی چێشت لێنانە.
ماوەی دوو کاتژمێر دەبێ چێشتەکەی پورە بەسێ لە سەر ئاگرە، بەڵام هیچ دیار نییە چێشتەکەی بگاتێ .



ـ مێردی پورە بەسێ چوار کاتژمێری تر دەگەڕێتەوە ماڵ، بڵێی چێشتەکەی پورە بەسێ هەتا چوار کاتژمێری دیکە بگاتێ ؟

- چێشتەکەی پورە بەسێ چوار کاتژمێرە لەسەر ئاگرە. مێردەکەی پورە بەسێ هاتەوە ماڵ، بەڵام چێشتەکەی پورە بەسێ نەگەیشتێ.





چێشتەکەی پورە گوڵێ بە دوو کاتژمێران گەیشتێ، بۆچی وایە ؟

ماموٚستا :

ـ ئایا ئەمانە دەناسن ؟

ـ ئەمانە بۆچی دەبن ؟

ـ ئایا ئەمانە بۆ یاری پێکردنی دەبن ؟





ـ شاهۆ برا چکۆڵەی شیلانە .
شیلان برا چکۆڵەی خۆی زۆر خۆش دەوێ.
شاهۆ دەست بزێوە و هەرچی لەبەر دەستی دابێ ، کایەی پێ دەکا.
بەڵام شیلان ئاگاداریێتی و زۆر جاران بانگی دەکا و پێی دەڵێ :
" شاهۆ گیان بڤ ! کورە نەکەی بە قوربان ! "
ڕۆژێک شیلان خەریکی کاری ماڵ بوو.
شاهۆ چاوی بە جگەرە و چەرخی ئاگری باوکی کەوت.
چەرخەکەی هەڵگرت و هەر وەکی باوکی پەنجەی بەسەر دا خشاند. گڕێکی زەرد لە چەرخەکە هەستا. شاهۆ گڕەکەی دە کراسی باوکی گرت و سوتاندی. شاهۆ بە هەڵپەڕکێ و پێکەنینەوە بە دەوری ئاگرەکە دا دەگەڕا و شادی دەکرد.
شیلان هاتە ژوور و لە ئاگرەکە ترسا.
شیلان ستلێکی پڕ لە ئاوی هێنا و ئاورەکەی پێ کوژاندەوە.
شاهۆ بۆ ئاگرەکەی گریا.
ئێوە پێتان وایە ئەگەر شیلان لە ماڵەوە نەبوایە، چ دەبوو ؟



مامۆستا :

ـ ئاسکۆڵ و ناسکۆڵ خەریکی ئاگر کردنەوەن.



ـ لێرەش دا شوانە و گەزیزە خەریکی هەمان کارن.



ـ ئاگری کامیان گەورەتر و بەگڕتر دەبێ ؟

مامۆستا :

ـ ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ لە نزیک دارستانێکدا ئاگرێکی گەورەیان کردەوە.
ئەوان دەیانزانی لە ژێر درەختەکانی دارستانەکەدا چەند شارە مێرووی تێدایە.
دەیانزنی لە سەر لکی دارەکانیش دا زۆر باڵندە هێلانەیان هەیە و لە
هێلانەکانیش دا هێلکە و بێچولەی زۆری تێدایە.

بەڵام ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ هەر ئەمەیان نەدەزانی کە بایەکی توند بەڕێوەیە
و دوای کاتژمێرێکی تر دەگاتە ئەو شوێنە و ئاگرەکەیان دەکێشێتە نێو دارستانەکە
و هەرچی تێیدایە ، یەکجێ دەیان سووتێنێ .



ـ ئەم گیاندارانە لەو دارستانە دا دەژیان ، کە ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ ئاگریان لە نزیک ماڵەکەیان دا کردەوە.
ناسکۆڵ و شوانە و ئاسکۆڵ ئەودەم نەیانزانی(با )یەکی توند بەڕێوەیە و ئاگرەکەی ئەوان دەکێشێتە دارستانەکەوە و ماڵ و هێلانەی هەموویان یەکجێ دەسووتێنێ.



ـ دارستانەکە بە هەموو گوڵ و دار و درەخت و گیاندارەکانیەوە سووتان . ـ ئاگرەکە ئەوەندە گەورە بوو ، بە کەس نەکوژایەوە .

ـ هەر ئەودەم کە دارستانەکە دەسووتا، گیاندارەکان دەیانگوت:
" بریا ئاسکۆڵ و شوانە و ناسکۆڵ ئەم ئاورەیان لە نزیک ماڵی ئێمە دا نەکرابایەوە!"

